# خورپەی ڕازێک

عەباس سالح عەبدوڵلا

چی بکەم گیانە لە دەستم چوویت
نەمکرد ماچێ لەو گەردنەت
بهێڵمەوە بۆ یادگار
نەمکرد مەمەت بەئەسپایی
کەمێ بوگشم
نەمکرد لێوی ئەرخەوانیت
جارێك بمژم
نەمکرد ساتێ بەشادمانی
سەر بکەمە کۆشی گەرمت
چاو ببڕمە چاوی مەنگی
پڕ لە شەرمت
ئای گیانەکەم پەشیمانم
*
هێندەی بسکی ئاڵۆزاوت
هێندەی تیشکی سەر کولمەکەت
پەشیمانم
دوور لە باڵات
ئەڵێی لاشەی بەبێ گیانم
ئەبێ کێ بێ لە جیاتی من ڕەنجدەرت بێ
بۆ هەمیشەو هەتا ماوە هاوسەرت بێ
ئەبێ کێ بێ هەناسەکەی
تێکەڵ بۆنی هەناسەت کا
هەست و هۆشی
تێکەڵ بەخورپەو تاسەت کا
ئەبێ کێ بێ سەر بخاتە کۆشی گەرمت
چاو ببڕێتە چاوی مەنگی پڕ لە شەرمت
ئەبێ کێ بێ ئەو شادمانە بەختی بەرزە
لە کاکێشانی ئاسمانە
خۆزیا ئەو کەسە من ئەبووم
بەڵام چی بکەم
تۆ ڕۆیشتی و من لە دەست چووم